# شکۆدار بێ ١٥ ئاب سالڕۆژی راگەیاندنی حزبی رزگاری

**کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستان!**
**ستەمدیدەو بەشمەینەتان!**
**سەربەخۆخوازان، ئەندامان و لایەنگرانی حزبی رزگاری!**

١٥ی ئاب، سالڕۆژی راگەیاندنی حزبی رزگاری، حزبی نیشتمانپەروەران و سەربەخۆخوازانی کوردستانە، بەو بۆنەیەوە پیرۆزبایی لە خۆمان و لە ئێوەی تێکۆشەرو سەرجەم خەڵکی کوردستان دەکەین، هەر بەو بۆنەیەشەوە سڵاوی ئەمەک و وەفاداری بۆ شەهیدانی رێی رزگاری و سەربەخۆیی دەنێرین و پەیمانیان بۆ نوێ دەکەینەوە کە تا گەیشتن بە نیشتمانێکی سەربەخۆ، درێژە بە کاروانی پڕدرەخشانی ئەوان دەدەین.

ئەمڕۆ لە کاتێکدا سالیادی راگەیاندنی رزگاری دەکەینەوە کە عێراق لە قەیرانێکی کەم وێنەی دەستووریدا دەژی، باشووری کوردستانیش بەهۆی ئەو قەیرانەوە لە رەوشێکی ناجێگردایە. بۆیە ئەرکی هێزە کوردستانیەکانە کە پێداگری لەسەر خواست و داخوازیەکانی کوردستانیان بکەنەوەو هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئەو هێزانەدا بکەن کە ماددەی ١٤٠ دەسەلمێنێن و بەلێن دەدەن بە کردەوە هەنگاوی جێبەجێکردنی بۆ هەڵدەگرێتەوە.

ئەمڕۆ کە هەژدەهەمین مۆمی تەمەنی رزگاری دادەگیرسێنین، وێڕای ئەوەی کابینەی شەشەم دەست بەکارەو رەوشی ئاسایش ئارامە، بەڵام هێشتا باشووری وڵاتەکەمان لەژێر هەڕەشەی داگیرکاراندایە، رۆژانە تۆپخانەکانی تورکیاو کۆماری ئیسلامی ئێران بەبیانۆی جۆراوجۆرەوە گوندو ئاواییەکان تۆپباران دەکەن و خەڵکی سڤیل و لاشەڕ دەکەنە ئامانج و ئاوارەیان دەکەن، بەڵام مخابن حکومەتی هەرێم وەک پێویست بەرپرسیارێتی لە ئەستۆ ناگرێ و وەڵامی پێویست بەو کێشەیە ناداتەوە. حزبی رزگاری هیواخوازە کە بەرپرسانی حکومەت روونترو راشکاوانەتر هەڵوێست و رامانی خۆیان پێشان بدەن و پارێزگاری لە سەرجەم وڵاتیاندا بکەن.

ئەمڕۆ کە سالیادی رزگاری دەکەینەوە، هێشتا خەڵک لە نێو نیگەرانی و دڵەراوکێ دا دەژین، هێشتا قەیرانەکانی کەمی کارەبا، نیشتەجێبوون و بێکاری چارەسەر نەکراون، هێشتا دامەزراندن لە دامودەزگەکانی دەوڵەتدا لەژێر مەرج و پاڵپشتی حزبی دەرنەچوە. بەوهۆیەوە هەزاران خاوەن بڕوانامە لە دامەزراندن بێبەش دەکرێن، لەو پێوەندەدا داوا لە هەر سێ سەرۆکایەتی هەرێم دەکەین کە لیژنەی بەدواداچوون پێکبهێنن و ئەو بەڵێنانە جێبەجێ بکەن کە پێش هەڵبژاردن بە خەڵکیان دابوو.

ئەمڕۆ لە ١٥ی ئابدا کاتێک ئاوڕ لە مێژووی رابردووی حزبی رزگاری دەدەینەوە، بەویژدانی ئاسودەوە شانازی بە مێژووەکەی دەکەین، چونکە بەردەوام لەبەرەی گەل دا بووە، هەمیشە داکۆکی لە بەرژەوەندەکانی باڵای گەل و نیشتماندا کردوە، سەنگەری شەڕی نێوخۆی رەت کردۆتەوە، ئەگەرچی بەوهۆیەوە باجی زۆری داوە، بەڵام بۆ ساتێکیش سازشی لەسەر سەربەخۆیی بڕیاری سیاسی خۆیدا نەکردووە، ئێستاش لە هەژدەهەمین سالیادی رزگاریدا بەڵێن دووپات دەکەینەوە کە شێلگیرانە درێژە بەو سیاستە بدەین و لێبڕاوانەش داکۆکی لە بەرژەوەندەکانی گەل و نیشتمانەکەماندا بکەین.

ئەمڕۆ هەژدەساڵ بەسەر راگەیاندنی رزگاری تێپەڕ دەبێ، کەچی هێشتا کۆسپ و تەگەرەکانی بەردەم گەشەو بەرەوپێشەوەچوونی هەڵنەگیراون، ئەوەتا ئەو چەند کەسەی کە بەبڕیاری سێهەمین کۆنگرە لە ریزەکانی رزگاری دەرکراون، بۆ دژایەتیکردن هاندەدرێن، بەبیانۆی ئەوانیشەوە وەزارەتی ناوەخۆ بودجەی حزبی رزگاری راگرتووە. ئەو رەفتارەی لایەنی پەیوەندیدار دەست تێوەردانێکی ئاشکرایە لە کاروباری نێوەخۆی حزب، بەرەودانیشە بە لەتبوون و دابڕاون و کێشە دروست کردن، بۆیە داوا لە وەزارەتی ناوەخۆ دەکەین کە چاوێک بەو هەڵوێستەی بخشێنێتەوەو بودجە بۆ حزبی رزگاری بگێڕێتەوە و سیاسەتی نانبڕین لە بەرانبەر تێکۆشەرانی رۆژانی سەخت بەڕێوەنەبات.

سەرکەوتووبێ خەبات لەپێناو نیشتمانێکی سەربەخۆو کۆمەڵێکی بەختەوەر.

شکۆدار بێ ١٥ی ئاب، سالڕۆژی راگەیاندنی رزگاری.

**مەکتەبی سیاسی**
**حزبی رزگاریی کوردستان**
**١٥-٨-٢٠١٠**

# ئاوڕدانەوەیەک لە کارەکانی مەکتەبی راگەیاندن





رێگای رزگاری
حزبی رزگاری درێژە پێدەری خەباتی یەکگرتنە
دۆستایەتی وتەبایی نەلەوێنی خەباتمانە

دوای ئەوەی لە رۆژی ١٥ی ئابی ١٩٩٣ حزبی رزگاریی کوردستان راگەیاندرا، بڕیاردرا کە مەکتەبی راگەیاندن هەفتەنامەیەک و وێستگەیەکی رادیۆو تەلەفزیۆنی دابمەزرێنێ، ئەوەبوو رادیۆی دەنگی رزگاری لە رۆژی ١٥-٨-١٩٩٣ پەخشی بەرنامەکانی خۆی دەست پێکرد، کە رۆژانە لە کاتژمێر ٨ی بەیانیەوە تا ٨ی ئێوارە درێژەی پێدەدرا، رادیۆی رزگاری بۆ ماوەی سێ ساڵ و شازدە رۆژ بێراوەستان لەخزمەتی وێژەو زمان و رۆژنامەوانی کوردی دابوو. شان بەشانی رادیۆی رزگاری مەکتەبی رزگاری بڕیاریدا کە هەفتەنامەی رێگەی رزگاری دەربچوێنێ، ئەوەبوو ژمارە نۆبەرەی هەفتەنامەی **رێگەی رزگاری** لە ١٧-١٠-١٩٩٣دا چاپ و بڵاوکرایەوە.

لە مانشێتی ژمارە نۆبەرەدا نووسراوە: 'حزبی رزگاری درێژەپێدەری خەباتی یەکگرتنە' کە تێیدا هاتووە:( ئێمە دەمانەوی نموونەیەکی تازەو ئەزموونێکی نوێ بین لە بزاڤی رزگاریخوازی گەلەکەمان، دەمانەوێ لە ئاست داخوازیەکانی سەردەم دابین و هاوچەرخانە بیر دەکەینەوە، هەربۆیەش داوای دۆستایەتی و برایەتی لەگەڵ تەواوی لایەنەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستانی گەورەمان کردوە).

رێگەی رزگاری تەنیا ١١ ژمارەی لێ چاپ و بڵاوکرایەوە، دوایین ژمارەی لە ٤-١٢-١٩٩٥دا کەوتۆتە بەردەستی خوێنەرانیەوە.

مەکتەبی راگەیاندن بەمەبەستی زیاتر خزمەتکردن و گەیاندنی رامانی حزب بە جەماوەری کوردستان، بڕیاریدا کە گۆڤاری پێشەنگ پێشکەش بە خوێنەران بکات، سەرەنجام ژمارە ١ی گۆڤاری پێشەنگ لە ١-١٠-١٩٩٤دا چاپ و بڵاوبۆتەوە. هەرچەندە کە رەوشی دارایی حزب زۆر خراپ بوو، بەڵام بە هەوڵ و کۆششی ئەندامان و دڵسۆزانی حزب توانرا ١٦ ژمارە لە گۆڤاری پێشەنگ چاپ و بڵاوبکاتەوە،

مەکتەبی راگەیاندن دەستپێشخەری کرد و ماڵپەڕی رزگاری لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت دامەزراند. لە رۆژی١٥-٨-١٩٩٨ ئەو ماڵپەڕە لە جیهانی ئینتەرنێتدا چاوی هەڵێنا کە تائێشتاش بێپسانەوە درێژەی هەیە.

بەهۆی خراپی رەوشی دارایی حزب ئەو بڵاوکراوانە هەورازو نشێوی زۆریان بینی، هەندیکیان پەکیان کەوت و نەتواندرا درێژەیان پێبدرێت، بۆیە پاش ماوەیەک بڕیاردرا کە هەفتەنامەی رۆژی گەل دەرنچووێنێ. ئەوەبوو ژمارە نۆبەرەی لە رۆژی ١-٧-٢٠٠٠دا کەوتە بەردەستی خوێنەرانەوە کە تا ئێستا ٢٤٥ ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.

ئەمڕۆ لە هەژدەهەمین سالیادی راگەیاندنی رزگاریدا هیوا دەخوازین کە مەکتەبی راگەیاندن بتوانێ کارو چالاکی زیاتر ئەنجام بدات و زیاتر خزمەت بە کۆمەڵانی خەڵک و ئەندام و لایەنگرانی رزگاری بکات، چونکە لەڕێی ئەو مەکتەبەوە هەڵوێست، بۆچوون و رامانی رزگاری بە خەڵکی کوردستان و دیترانیش دەگات، بەهۆیەوە دەست خۆشی و ماندوونەبوونیان لێدەکەین و هیوای سەرکەوتنیان بۆ بە ئاوات دەخوازین.

**سەربەست کانەبی**

# پاشخانی کەسانی ناحەز بەرزگاری ئاشکرا دەکەین



دوای ئەوەی سێهەمین کۆنگرەی حزب، سێ کەسی لە ریزەکانی رزگاری دەرکرد، ئەوان بۆ دژایەتیکردن و ناحەزێتی رزگاری خۆیان لە پشت زەید مەحمود عەلی دا شاردەوە، زەید ساڵی ١٩٩٤ هاتبوە ناو حزبی رزگاری تەنیا شەش مانگ مابۆوە، دواتر رۆیشتبو، ئێستا ئەو چوار کەسە بۆ ئەوەی درێژە بە دژایەتی و ناحەزیکردن لەگەڵ رزگاری بدەن، یەکیان گرتۆتەوە، دەستیان بە بوختان کردوە و دەیانەوی بەرد لە درەختی سەر بڵندو باڵابەرزی رزگاری بگرن.

لە ژمارەکانی رابردوودا درۆو بوختانەکانی زەید مەحمود عەلیمان لە قاو دابوو، ئەمجارەش پاشخانی یەعقوب محەمەد ناسراو بە **هەژار زاری** بە وێنەوە بڵاو دەکەینەوە.

هەژار زراری لای خەڵک خۆی بە پێشمەرگەی دێرین دەناسێنێ، شانازی پێوە دەکات، بەڵام ئەم وێنەیەی هەژار زراری گەواهی دەدات کە ناوبراو چەکی جاشایەتی لە شان بووە.

ئەو وێنەیە ساڵی ١٩٨٨ گیراوە، بە ئاشکرا دیارە کە هەژار زراری چەکی جاشایەتی لە دەستەو لەسەر جادەی گشتی نێوان هەولێر- پیرمام لەبەردەم لۆفەی خانزاد راوەستاوەو وێنەی بۆ یادگار گرتوە.

ئەو کاتەی کە هەژار زراری پاسەوانی لە جادەی گشتی دەکرد، رژێمی سەدام هێرشێکی بەربڵاوی بۆ سەر خەڵکی ناوچە ئازادکراوەکان و پێشمەرگەکانی کوردستان دەست پێکردبوو. رێک وێنەکە لەو کاتەدا گیراوە کە پێشمەرگەکانی کوردستان لە داستانی خواکوڕکدا بەرسنگیان لە هێرش و پەلاماری سوپای داپلۆسێنەرو ئەنفالکاردا گرتبوو.

رۆژی گەل ژمارەیەک بەڵگەنامەو وێنەی دیکەی ئەوانەی لەبەردەست دایە کە ناوی دەستەی سەرۆکایەتیان لەخۆیان ناوەو رۆژانە بێشەرمانە بەرد لە رزگاری دەگرن.

# بەڵگەیێک هەڵۆیستی ئەتاتورک لەهەمبەر کورد ئاشکرا دەکات

دوای ٨٧ ساڵ بەڵگەیەکی مێژوویی کە لە شکلی کۆنوسێکی رۆژنامەوانیدایە، باس لە بۆچونی مستەفا کەماڵ ئاتاتورک دەکات کە پێی وابووە دەبێ کوردەکان لە هەر شوێنێک بن سەربەخۆیی ئیداری خۆیان هەبێ.

ئەو بەڵگەنامەیە، ئەمڕۆ لە زۆربەی راگەیاندنە ئینتەرنێتییەکانی تورکیا بڵاوبۆتەوە کە بە پێی ئەو، لە کۆشکی "ئەزمیت" کەماڵ ئاتاتورک لەگەڵ ٦ رۆژنامەنووسی تورک (کە ناویشیان نوسراوە)، وتوویژێکیان ئەنجام داوە و لەو دیمانەیەدا ئاتاتورک تیشکی خستۆتە سەر مافەکانی گەلی کورد.

ئاتاتورک بە پێی ئەو کۆنوسە دەڵێ: "کوردەکان لە هەر شوێنێک بن پێویستە خۆیان خاوەنی دەسەڵاتی خۆیان بن و تەنانەت دەسەڵاتی سەربازی ناوچەکەشیان بکەن."

ئەو کۆنوسە لە لایەن کاتبی کەمال ئاتاتورکەوە نوسراوەتەوە و دانەی ئەسلی لە کۆشکی سەرۆک کۆماری، دانەیەکی لە فەرماندەیی سوپای تورک و رێکخراوی "مێژووی تورک" پارێزراوە.

بە پێی ئەو بەڵگەیە، ئەو خواستەی کە حەفتەی رابردوو لە لایەن پارتی ئاشتی و دیموکراسی درکاوە کە دەیانەوێ لە داهاتوودا مافی خودموختاریان هەبێ، ٨٧ ساڵ لەمەوپێش لە لایەن ئاتاتورکەوە دانی پێدانراوە و لە رۆژەکانی ١٦ و ١٧ی مانگی یەکەمی ساڵی ١٩٢٣ لە رۆژنامەکانی تورکیا دەنگی داوەتەوە.

رۆژنامەنوسەکان لە زاری ئەتاتورکەوە نووسی بوویان: 'دەبێ کوردەکان ئیدارەی خۆیان بکەن' ئاتاتورک لەوێدا باسی لەو شوێنانە کردوەکە کوردی لێدەژین و دەڵێ نابێ هیچکام لەو شوێنانە لەبیر بخرێن.

ئەم بەڵگەیە سود بە دۆزی کرانەوەدەگەیەنێ.

**سەرچاوەکانی هەواڵ**